وەزیری دارایی هەرەم: لەسبەینەو دەست بە دابەشکردنی موچە دەکرێت

وەزیری دارایی هەرەمی کوردستان رایگەیاند، سەرجەم بیانوەکانی حکومەتی عێراقیان بەیوە و لە سبەینەوە بە بەکارهێنانی 618 ملیار دینارەکە دەست بە دابەشکردنی موچە دەکرێت.

ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی حکومەتی هەرەمی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەنجومەنی وەزیران و حکومەتی هەرەم و پەرلەمانتارە کوردەکان لە بەغدا ئەوەی لە توانایاندا بێت کردویانە، هەمو بەربەستەکانیان حکومەتی بەغدایان تێپەڕاندوە.

ئاماژەی بەوەشکرد، هەر قسەوباسێک لە بارەی کەمی پارەی پێویست بە موچە کراوە دورە لە راستییەوە، چاوەڕوان بن لە سبەینەوە بەو 618 ملیار دینارەی لەلایەن وەزارەتی دارایی عێراقەوە خراوەتە سەر هەژماری دارایی حکومەتی هەرەم دەست بە دابەشکردنی موچە دەکرێت.